| حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>نووسینگەی وەزیر | Kurdistan Region - Iraq<br>Council of Ministers<br>Ministry of Higher Education & Scientific Research | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>مكتب الوزير |
|---|---|---|

ژمارە : نووسینگە/ ١٣٢

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ /٢٠١٤ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٣ی کوردی

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە بڕگەی (١/ تەوەری پێنجەم/ کاروباری کارگێڕی و دارایی) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٠)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە (٢٠١٤/١/١٩) ئەنجامدرابوو . بڕیار درا بە پەیڕەو کردنی مەرج و ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤- ٢٠١٥) بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**یەکەم/ ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا/ماستەر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥):**

**-مەرجەکانی پێشکەش کردن:**

**١.مەرجی تەمەن:**

تەمەنی خوازیار لە (٤٥) چل و پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، واتە لە ڕێکەوتی لە دایکبوونی (١٩٦٩/١٢/٣١) بەرەو سەرەوە بێت.

**٢.مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی:** توانستی زمانی ئینگلیزی ئەو لایەنانەی خوارەوە پەسەندە بۆ پێشکەشکردن:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

أ-تاقیکردنەوەی ئەلیکترۆنی بە گوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوەیە:

| Person Academic | TOEFL PBT | TOEFL IBT | TOEFL Computer Base | IELTS | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە (٢٥) کەمتر نەبێت | ٤٥٠ | ٤٠ | ١٣٣ | ٤ | **زانستە سروشتی و زیندووەکان** |
| لە (٢٠) کەمتر نەبێت | ٤٢٥ | ٣٠ | ١١٣ | ٣,٥ | **زانستە مرۆڤایەتییەکان** |

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006

Facebook/وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

حكومەتی هەرێمی كوردستان- عێراق
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

Kurdistan Region - Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

ژمارە : نووسینگە/ ١٣٢

رێكەوت : ٢٩ / ١ /٢٠١٤ی زایینی

/ رێبەندان/٢٧١٣ی كوردی

**تێبینی:**

أ–سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی ئەلیكترۆنی وەكو ئایلتس و تۆفل لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان وشارەكانی دیكەی عێراق و دەرەوەی عێراق، پێویستە ئەو سێنتەرەی تاقیكردنەوەی لێ ئەنجام دەدرێت لقێك بێت لە لقەكانی بنكەی سەرەكی ئایلتس و تۆفل بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پشت بە وێب سایتی رەسمی ئایلتس و تۆفل ببەستێت و تیایدا ئاماژە درابێت كە لقی ئەو سێنتەرە لەو شارە هەبێت كە خوازیار تاقیكردنەوەی لێ ئەنجام دەدات.

ب– بڕوانامەی سێنتەری زمانی ئینگلیزی زانكۆكانی هەرێم بۆ ئەوانەی خولیان بینیوە بە مەرجێك ماوەی خولەكە لە (١٦٠) كاتژمێر كەمتر نەبوبێت و لە خولەكەدا دەرچووبێت، ماوەی پەیوەست بە توانستی زمانی ئینگلیزی لە ٢٠١٠/١/١ بۆ ماوەی (٤) ساڵ بە دواوە ئەژمار دەكرێت.

ج– مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی هەلگری بڕوانامەی ( بەكالۆریوس لە ئینگلیزی) ناگرێتەوە.

د– دەرچووی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لەو وڵاتانەی كە زمانی دایك (اللغە الناطقة) زمانی ئینگلیزی بێت (بەریتانیا، ئەمریكا، كەنەدا، ئوسترالیا، نیوزلەندا ) مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی نایگرێتەوە.

٣. **شارەزایی لە كۆمپیوتەر:** قوتابی/خوێندكاری ماستەر لە وەرزی یەكەمی خوێندنی ماستەرەكەیدا وانەی كۆمپیوتەر دەخوێنێت و پێویستە تێیدا دەربچێت واتە نمرەی (مستوفي) بەدەستبێنێت. بەبێ تەرخانكردنی یەكەی خوێندن بۆ ئەو وانەیە.

**٤.مەرجی ساڵانی خزمەت یان تێپەربوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا:**

بوونی دوو ساڵی خزمەتی فعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس تا رێكەوتی (٢٠١٤/١٠/٣٠) بۆ خوازیارانی دامەزراو (دامەزراو بن لە دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێم)، جگە لەو خوازیارانەی كە یەكەمی سەر بەشە زانستیەكانن پێویستە یەك ساڵ بەسەر دامەزراندن یان دەرچوونیان تێپەر بوبێت تا (٢٠١٤/١٠/٣٠). بەڵام ئەو خوازیارانەی كە دانەمەزراون پێویستە (٢) ساڵ بەسەر دەرچوونیان و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆسەكەیان لە زانكۆ تێپەربوبێ تا (٢٠١٤/١٠/٣٠).

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/Facebook

ژمارە : نووسینگە/ ١٣٢

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ /٢٠١٤ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٣ی کوردی

**٥.مەرجی کۆنمرە:**

أ.کۆنمرەی بەکالۆریۆسی خوازیار لە (٦٥٪) بە سەرەوە بێت، یاخود لە چارەگی یەکەمی دەرچووان بێت جگە لە دەرچووانی فاکەڵتی/کۆلێژ و سکوڵەکانی ( پزیشکی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی) کە ڕەچاوی کۆنمرە ناکرێت.

ب.تایبەت بە دەرچووانی کۆلێژی (پەرستاری و پزیشکی ڤێتێرنەری)، پێویستە کۆنمرەیان لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت یان لە چارەگی یەکەمی دەرچووان بن.

**٦.مەرجی توانستی زانستی:**

-تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام دەدەرێت و ڕێژەی (٣٠٪) نمرەی بۆ تەرخان دەکرێت و (٧٠٪)ی تریش لەسەر کۆنمرەی بەکالۆریۆس ئەژمار دەکرێت، وە مەرجە خوازیار دەربچێت لەم تاقیکردنەوەیە (واتە ١٥ نمرە لە ٣٠ نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت)، ئەگەر کورسی بەتاڵ مایەوە پڕ ناکرێتەوە، هەروەها هیچ زانکۆیەك بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

**تێبینی/**

– پێویستە وەڵامی نمونەیی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی پێشکەش بکرێت لەگەڵ پرسیارەکاندا.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**دووەم/سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی شارەکانی دیکەی عێراقن یاخود هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین:**

١. هاوڵاتی عێراقی لە دەرەوەی هەرێم مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ خوێندنی ماستەر بە پێی بنەما یاسایی و دەستوورییەکان.

٢. سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین) مافی پێشکەش کردنیان هەبێت بە سیستمی پاراڵێل.

Facebook/وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

ژمارە : نووسینگە/ ١٣٢
رێکەوت : ٢٩ / ١ / ٢٠١٤ی زایینی
/ ڕێبەندان/٢٧١٣ی کوردی

**سێیەم/ سەبارەت بە دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکان (زانکۆ ئەهیلەکان):**

دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکان مافی پێشکەشکردنیان هەیە بە هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی سەرەوە.

**تێبینیە گشتیەکان:**

١. کورسیە گشتیەکان بۆ دەرەوەی خوێندنی باڵا دەبێت و کورسیەکانی تر بۆ خودی زانکۆکە و زانکۆ تازەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان دەبێت.

٢.وەرگیراوانی تواناسازی مرۆیی کاتێك بۆیان هەیە داخوازی پێشکەش بکەن، ئەگەر هاتوو (نووسراوی فەرمی لە وەزارەت/فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە ڕۆشنبیریەکان)وە پێ درا کەوا پاشگەزبوونەوەیان لەم بەرنامەیە پەسەند کراوە.

٣. ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوە و لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نیە تا تێپەربوونی (٣) ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان.

٤.هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیومێنتەکان تەواو نەبێت تا دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت، وە فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆك زانکۆکان بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە ووردبینی کردنی دۆکیومێنتەکان.

٥. خوازیار مەرجە دوو ساڵ بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەیدا تێپەر بووبێت (جگە لە دەرچووانی یەکەمی سەر بەش، کە دەبێت یەك ساڵ تێپەربووبێت بەسەر دەرچوونیدا)، بەڵام پرسی (مەسەلە)ی بەخشینی مۆڵەتی خوێندن بە پێی یاسای راژەی شارستانی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٩) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. واتە ئەو خوازیارەی دوو ساڵ تێپەربووبێت بەسەر بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەیدا ئەگەر دوو ساڵ خزمەتی فعلی تا (٢٠١٤/١٠/٣٠) تەواو نەکردبێت بۆی هەیە داواکاری پێشکەش بکات بەڵام ئەگەر وەرگیرا ئەوا شایستەی مۆڵەتی خوێندن نابێت و دەتوانێت مۆڵەتی بێمووچە وەربگرێت بۆ ماوەی خوێندنی ماستەرەکەی.

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/Facebook

ژمارە : نووسینگە/ ١٢٢

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ / ٢٠١٤ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٢ی کوردی

٦.پێویستە ئەو خوازیارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی دادنووس (تعهد کاتب العدل) پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری ناڕوستی دا بێت ئەوا بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ جگە لە سڕینەوەی ناوەکەی لە خوێندن.

٧.سەبارەت بە تاقیکردنەوەی تواناستی زانستی، لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا پێشنیار دەکات کە وۆرک شۆپێك ڕێك بخرێت و تێیدا گشت سەرۆك بەشەکان لە زانکۆکانی کوردستان ئامادەی بن تێیدا بە مەبەستی تاوتوێکردنی ئەنجام دانی ئەو تاقیکردنەوەیە بە پێی ستانداردێکی جیهانی.

**دکتور علی سعید محمد**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەك بۆ:-**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێ ی تایبەتمەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرچوە.


وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/Facebook